www.kurdistannet.org
13-2-2007 17:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەنێوان بیرمەندەکانی ئێمە وڤۆڵتێر ی سەدەی هەژدە دیوارێکی پتەوهەیە. . . ئامانج عەبدوڵا سوور



کەم نین ئەو قەڵەمە بەبرشتانەی ساڵی بەرهەمێکی نوی لەسیاقێکی نوی دا پێشکەش ئەکەن لەنوێکاری دا خۆ بەسەرقەرەوڵ لەخامە ئەدەن وکەس لەهاوتاوهاوشانی خۆیان نابیننەوە هەروان مونەزرو موفەکیروموحلیلن!!!!بەتەرزی نوی وهزری نوی دەئاخڤن ولەسەر پچوکترین نمایش گەورەترین بابەت ئەهۆننەوە لی کەدێتە سەر جی بەجێکرن کەس بەقەدەر وان شکستخواردوو دەروون هەرەس هاتوو کەنەفت ولاوازنیە. . . رەنگبی لەم مەودایەش دا هیچ کەس نەدۆزیتەوە بەقەد وان تەسلیم بەویستی بەرامبەرودەسەڵات بێت؟!ئەوانە ی رابردوویان بۆ ئەکردینە تۆزو رۆمانی پر لەئەفسانەیان پێشکەش کردین وجەلادیان مەحکەمە کردومیزیان کرد بەدادگاداوزۆرخۆرێکیان پی فریشتە تربوو لەخوێنرێژێك لایان وابوو بونەتە ڤۆڵتێری ئەم سەردەمەومەخابن لێرەکانی سەریان دەرهێناوە ئاخر ڤۆڵتێر هەموو تێزەکانی بەووتە پیرۆزە پشت راستکردەوە ویستی تاك ئازادی تاکی بەدوادا دێت هەتامردیش بۆ ئەم رێسایە قوبانی دا هەمەنگوای دەڵی ڤۆڵتێر واتە سەدەی 18بەتەواوی دوای ئەویش لامارتین ئەڵێ گەر هەڵسەنگاندنی پیاو لەوسەر بەرهەمەکانی بکرێت ئەوا کەس شان لەشانی ڤۆڵتێر نادات هرەفەرەنسیەکان خۆشیان دەڵێ، گەر ئیتالیا خۆی دەناسێنی بە رابوون وئەڵمانیش بەزیندووبونەوەی کەسێتی ئەوا ئێمەی فەرەنسایش بە ڤۆڵتێر. . . تانوکە ڤۆڵتێر لەویژدانی رۆژئاوادا ماوەتەوە کەچی بەشێك لە نوسەرە مونەزیرەکانی کورد رۆژی لەسەر تۆنێك گۆرانی دەچرن ولەمینبەرێکەوە هەلهەلە دەکێشن رۆژی قان بۆیەکیان دائەخرێت گوایە بەبەرامبەرێکی باش ئەمرۆ ئەویش کرراو ئامادەیە لەم مینبەرەوە بۆمان بدوی جا کێشە نیە ئەومینبەر چ جەلادێکی عاشق بەتەور بەرێوەی بەرێت منیش چاورەوانم دوا رۆمانیان باس لەتیژی دەمی تەور بکات نەك تەپ وتۆز ورەنگی پرتەقاڵێ!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.